### سیپەی بجیلی گەشتیاریی گرنگی پێ نەدراوەو پشتگوێخراوە

# خەڵکی بجیل لەچاوەڕێی تاپۆکردنی خانووەکانیان و چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی خواردنەوەن




# کەمیی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و فراوانبوونی سەنتەری ناحیەی بجیل

بجیـــل کە لەســـاڵی ١٩٣٨ەوە بـــووە بەناحیـــەو ٦١ گوند لەخۆدەگرێت و ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە ٢٠ هەزار کەس دەبێت، سروشت و جوانیی ناوچەکە هاندەر بووە بۆ ئەوەی خەڵکی لەم ناوچەیەدا سەرقاڵی بەخێوکردنی مەڕوماڵات و کاری کشـــتوکاڵی بن. لەم چەند ساڵەی دواییدا حکومەتی هەرێم چەند پرۆژەیەکی لەبجیل بۆ خەڵکی ئەنجامداوە، بەڵام پرۆژەکان لەئاســـت پێداویســـتی و خواستی دانیشتوانەکەی نەبووە، بەتایبەت دوای ئەوەی ژمارەی ماڵەکانی سەنتەری ناحیەکـــە بۆ ١٠٠٠ مـــاڵ زیادیکـــردووە گوندێکی وەکو کەلات زیاتر لە ٢٧٠٠ کەســـی لێ نیشتەجێیە. وەکو تیمی گۆڤاری ( گوڵان ) ســـەردانی بجیلمان کـــردو لەنزیکەوە چەند هاووڵاتییەکمان دواند، بەگشـــتی لەسەر تاپۆنەکردنی خانووەکانیـــان و جێبەجێکردنی پـــرۆژەی ئاوی خواردنەوە و بەپەراوێزکردنی کەرتی گەشـــتوگوزارو پـــەروەردە رەخنەو گلەییـــان هەبوو، لەبەرامبـــەردا بەڕێوەبەری ناحیەی بجیل ئاماژە بەکۆمەڵێك کێشـــەو گرفتی تایبەت بەزەوی و ئاوی خواردنەوەو کەمیی دەســـەڵاتەکانی کرد، لێرەدا پوختەی ئەو داواکارییانەی هاووڵاتیان و وەڵامی بەڕێوەبەری ناحیەکە لەم راپۆرتەدا دەخەینەڕوو..







کاتێك دەگەیتە بجیل راســـتەوخۆ دیمەنی ناوچە شاخاویی و گەشتوگوزارییەکان بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەت سیپەی بجیلی گەشتیاریی کە شوێنێکی جوان و تاڤگەیەکی قەشەنگی لێیە، بەڵام پشتگوێخســـتن و فەرامۆشکردنیش بەو شوێنەو ناوچە گەشتوگوزارییەکانی تری ناحیەکەوە دیارە، هەربۆیە داواکاریی هاووڵاتیان بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکان زۆر بوو، بەراشکاوانەش رەخنەو گلەییان لەحکومەتی هەرێم هەبوو. لەمبارەیەوە لە ناو سەنتەری بجیل و لەگەڕەکی سەرهەڵدان هاووڵاتییەك ئاماژەی بەکۆنی و خراپی شـــەقامەکان دا کە لەزۆر شـــوێندا تەسك و خراپ بوون و پێویســـتییان بەچاککردنەوە هەیە، بەرادەیەك لەناو هەموو شـــارۆچکەکە یەك مەتر ئاوەڕۆ و یەك ستوونی چرای رووناکیی نییە. هەر ســـەبارەت بەم کێشەیە هاووڵاتی عەبدوڵا عەبدولڕەحمان وتی: بجیل لەرووی خزمەتگوزارییەوە کارو پرۆژەی نوێی پێویســـتە، شـــەقام و شۆستەو ئاوەڕۆ و رووناککردنەوەی ناحیەکـــەو جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەکی راکێشـــانی ئاوی خواردنەوە؛ هەمووی کۆمەڵە داواکارییەکی خەڵکییە پێویســـتە لایەنە پێوەندارەکان مشوری جێبەجێکردنی بخۆن. ئەم هاووڵاتییە باســـی لەکێشەیەکی سەرەکی کرد کە تا ئێستا بێ چارەســـەر ماوەتەوە، ئەویش کێشەی تاپۆکردنی خانووەکانیانە لەمبارەیەوە وتی : کاتی ئەوە هاتووە هەنگاوی جیـــددی بنرێت بۆ تاپۆکردنی خانووەکان و چارەســـەرکردنی کێشەی زەویی کشـــتوکاڵی لەناوچەکەماندا، چونکە بەشێك لە خانووەکانی هاووڵاتیان تا ئێســـتا کارو مامەڵەی تاپۆیان بۆ نەکـــراوە و خەڵکەکە لـــە چاوەڕوانیدایە. هەر ســـەبارەت بەکێشـــەکانی خزمەتگوزاریی شـــارەوانی لەگەڕەکی گوڵان هاووڵاتی قادر رەسول تیشـــکی خستە سەر نەبوونی ئاوەڕۆو بێســـەروبەریی و تەسکیی کۆڵانەکانی سەنتەری ناحیەکەیان. هاوکات باسیان لە پشتگوێخســـتن و فەرامۆشکردنی شوێنە گەشـــتیارییەکانیش کردو لـــەم رووەوە وتـــی: جگە لەوەی سیپەیەکی گەشتیاریی زۆر جوان و دڵڕفێن لەبجیل هەیە، لە سەنتەری شارۆچکەکەو چەند ناوچەیەکی تری سنوورەکەمان شوێنی گەشتیاریی زۆر هەیە، بەڵام هیچ گرنگییەك بەم بوارە نەدراوە و ئوتێل و مۆتێل و کابینەو خانووی گەشـــتوگوزاریی نییە، بەشێوەیەکی گشـــتی بجیل پێویستی بەپارك و پاخچە بۆ پشـــووی خێزانەکان هەیە، تەنانەت ئەو باخچە بچووکەی پێش چەند ســـاڵێك لەناو ســـەنتەری ناحیەکە دروســـتکرابوو سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا . سەبارەت بەکەموکوڕیی هەردوو











بواری پەروەردەو تەندروستیش گلەیی و رەخنەیەکی زۆر هەبوو ؛ لەرووی کەرتی تەندروستی و چاودێریی کۆمەڵایەتییەوە هەریەك لە هاووڵاتی حەسەن یاسین و خورشید ئەحمەد پێیان وابوو بجیل وەکو زۆربەی ناحیەکانی تری کوردستان لەرووی خزمەتگوزاریی تەندروستیی و گرنگیدان بەمنداڵانی کەمئەندام پشتگوێخراوەو بنکە تەندروستیەکانیشیان بچووکەو بەپێی پێویست نییە، ناکرێت لەناحیەیەکدا پزیشکێکی پسپۆری تایبەت بەئافرەت نەبێت بۆ چارەسەری دایکانی دووگیان و منداڵبوون بەرادەیەك بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیی ئافرەتان بەناچاری سەردانی شاری دهۆك بکەین، یا سۆنەرو تیشك و ئامێرەکانی تری تەندروستی بەو شێوەیە لەبنکە تەندروستیەکان کەم بێت. لەرووی پەروەردەشەوە بینایەی ٢ قوتابخانە لەناو سەنتەری شارۆچکەکە کۆن بووەو بەکەڵکی خوێندن نەماون، هەروەها هاووڵاتیان داوای بینایەی باخچەی ساوایان و پارك و یاریگای منداڵان و یاریگای وەرزشی گەورەو سەنتەرەکانی رۆشنبیری و لاوان کرد، رەخنەشیان لەوەزارەتی رۆشنبیری و لاوان کرد بەوەی هیچ گرنگی بەبجیل و سەنتەری رۆشنبیریی و لاوانی شارۆچکەکەیان نەداوە. سەبارەت بەگرفتی ئاوی خواردنەوەش لە بجیل زۆربەی هاووڵاتییان پێیان وایە ئاوەکەیان پیسەو مەرجی تەندروستی تێدا ڕەچاو نەکراوە، چونکە ئاوەکەیان ناپاڵێورێت و کلۆر بکارناهێنێت .
سەبارەت بەکەرتی کشتوکاڵیش هاووڵاتیەك بەناوی محەمەد عەبدوڵا داوای لەوەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کرد پرۆژەکانی ئاودێریی و راکێشانی جۆگەلە لەناوچەکەیاندا فراوان بکەن، چونکە ناوچەیەکی ناسراوە بەدارودرەخت و بەرووبوومی میوەجات و کشتوکاڵی، هەربۆیە نەبوونی پرۆژەکانی ئاودێریش وای لەجوتیاران کردووە بەنا بۆ راکێشانی ئاویخواردنەوە ببەن، بەمەش گرفتی کەمیی ئاوی خواردنەوە بۆ ئەو ماڵانە دروست دەبێت کە دەکەونە کۆڵانەکانی سەرەوەی بجیل.
سەبارەت بەمەسەلەی نیشتەجێبوون کە چارەسەرکردنی کێشەی زەویی کشتوکاڵی نەکراوەو زۆر لەجووتیارانیش گرێبەستیان نییە، هەربۆیە لەکاتی قەرەبووکردنەوەدا زۆر لەمافەکانیان لەدەست دەدەن ؛ ئافرەتێك بەناوی بیرناد محەمەد کە خۆی کاری باخ بڕین و فرۆشتنی میوەو سەوزەکانی بۆ بژێوی ژیانی دەکرد وتی: بەهۆی ئەو شەقامە سەرەکییەی دروست دەکرێت ژمارەیەکی زۆر دارو درەختی بەبەریان لێ بڕینەوە،بڕیاربوو قەرەبوو بکرێینەوە تا ئێستا هیچمان وەرنەگرتووە کە ژیانی خۆمان و خێزانەکانیشمان لەسەر ئەو باخ و دارو درەختانە بووە. سەبارەت بەگوندی کەلاتیش کە ژمارەی دانیشتوانەکەی گەیشتۆتە ٢٧٠٠ کەس کەچی تا ئێستا بەوتەی خەڵکەکەی بێ شارەوانییە، ئەمەش گرفتی خزمەتگوزاری بەتایبەتی پاککردنەوەو جێبەجێکردنی پرۆژەی قیرتاوکردن و چاککردنەوەی ڕێگاو شەقامەکانی لێکەوتۆتەوە، هەربۆیە هاووڵاتیانی ئەم گوندە رەخنەو گلەییان هەبوو لەوەی گوندەکەیان گەورە بووەو حکومەت بنکەیەکی شارەوانی بۆ دانانێت و ئامێرو ئۆتۆمبێلی تایبەت بەشارەوانییان نییە.



**بەڕێوەبەری ناحیەی بجیل بۆ (گوڵان):**

# لەڕێگای تەنکەرەوە ئاو بۆ ژمارەیەک لەگوندەکانمان دابین دەکەین

بروا فاروق سەعید بەڕێوەبەری ناحیەی بجیل لەوەڵامی پرسیارەکانی گوڵاندا بەتایبەتی سەبارەت بەکارە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی پێی وابوو : گەرچی لەساڵی ٢٠١٠ەوە ماستەرپلانی بجیل پەسەند کراوە، بەڵام گرفتی کەمیی زەویی نیشتەجێبوونمان لەسەنتەری ناحیە هەیە، هەربۆیە هەڵکەوتەی شاخاویی سەنتەری ناحیەکە وایکردووە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان تووشی گرفت بین، ئەمە جگە لەوەی ئاستەنگێکی زۆر لەبەردەمماندایە بۆ ئامادەکردن و تەرخانکردنی زەویی نیشتەجێبوون، تەنانەت مامەڵەی تاپۆکردنی خانووەکانی ناحیەکە بەتەواویی جێبەجێ نەکراوە. لەلایەکی ترەوە مەسەلەی کوژاندنەوەی زەوی کشتوکاڵی کارێکی ئاسان نییە و گرفتمان لەگەڵ جووتیاران هەیە، لەمەشدا مافی خۆیانە جووتیاران ئەو پارچە زەوییەی کاری لەسەر دەکەن گەرچی زۆر جار گرێبەستیشیان نییە، بەڵام بەپێی یاساو ڕێنماییەکان پێویستە قەرەبووبکرێنەوە، کاتی خۆی لە بجیل یاسای چاکسازی لەزەوی کشتوکاڵی جێبەجێ نەکرا، هەربۆیە لێرە لە ٨٥٪ی زەوییە کشتوکاڵییەکان پشتاوپشت لەباوکەوە بۆ کوڕ لەلایەن جووتیارەکان کاری لەسەر کراوە بێ ئەوەی گرێبەست یا نووسراوی موڵکیان هەبێت، واتا لەبجیل جووتیاران لەسەر زەویی کشتوکاڵی گرێبەستیان نییە، بۆ ئەم حاڵەتەش چەندین جار داوامان کردووە تاوەکو زەوییە کشتوکاڵییەکان بەپێی یاساو ڕێنمایی گرێبەستیان لەگەڵ جووتیاران بۆ دروست بکەن. هەر لەبواری کێشەی زەوی پێشتر زێدەڕۆیی لەسەر زەویی حکومەت و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان کراوە، بەڵام ئێستا زێدەڕۆیی نەماوە. لەبەرنامەشدایە شەقام و کۆڵانەکان بەرفراوان بکرێت و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ژێر زەوی وەکو ئاوو ئاوەڕۆو کارەبا جێبەجێ بکرێت، بەتایبەتی گۆڕینی تۆڕی ئاوی خواردنەوەی ناوخۆ کە لەزۆربەی گەڕەکەکان کۆن بوون، ئەو شوێنانەی زەویی نیشتەجێبوونیشی لێ دابەشکراوە شەقام و کۆڵانەکانی قیرتاو دەکەین، لەرووی رووناکیشەوە رەزامەندی وەرگیراوە لەشەقامە سەرەکییەکان بۆ ناو سیپەو چەند شەقامێکی سەرەکیی بجیل پرۆژەی رووناککردنەوە جێبەجێ بکرێت. سەبارەت بە ڕێگای سەرەکیی قەندیل- بجیلیش کە ماوەی تەواوبوونی پرۆژەکە هێشتا ماوە و ئومێدەوارین ئەم ڕێگا ستراتیژییە لەکاتی خۆیدا تەواو بێت، بۆ ئەم کارانەش پێویستمان بەئۆتۆمبێل و ئامێری شارەوانی هەیە کە ئێستا بەپێی پێویست ئۆتۆمبێلمان نییە. لەرووی ئاوی خواردنەوە کە ناوچەکەمان سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی زۆرە بەڵام لەگەڵ بەرفراوانبوون و زیادبوونی ژمارەی ماڵ و هاووڵاتیان کێشەی کەمی ئاوی خواردنەوەمان بۆ دروست بووەو پێویستیمان بە پرۆژەی نوێ هەیە، پێویستیمان بەچارەسەرکردنی کەمی ئەمباروو پاککردنەوەو تێکردنی کلۆرو کۆنی تۆڕی ئاوی خواردنەوەی زۆر لەگەڕەکەکانمان هەیە، کە بڕیارە جگە لەگۆڕینی تۆڕی ئاوی خواردنەوەی ناوخۆی بجیل مشوری ئەمبارێکی ئاوی خواردنەوەش بخۆین و ئاوەکە پاکوخاوێن بکەینەوە، ئەمە جگە لەوەی لەگەڵ جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی ئاکرێ بۆرییەك بۆ ناو سەنتەری ناحیەکە رابکێشین، لەرووی ئاوی خواردنەوەی گوندەکانیشەوە داواشمان کردووە ١٧ گوند کە کێشەی ئاوی خواردنەوەیان هەیە سوود لەم پرۆژەیە وەربگرن، چونکە ئێستا لە ژمارەیەك گوند ئەم کێشەیە هەیەو لەڕێگای تەنکەرەوە ئاویان بۆ دابین دەکەین، تەنانەت گوندێکی وەکو کەلات کە ژمارەی دانیشتوانەکەی گەیشتۆتە ٢٧٠٠ کەس کەچی بێ شارەوانییە چونکە تا ژمارەی دانیشتوانی گوندێك نەبێتە ٣٠٠٠ کەس ناتوانرێت شارەوانی بۆ دانرێت، داواکارم لەوەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار هەرسێ گوندێك تراکتۆرو چەند کرێکارێکی لە دانیشتوانی ئەو گوندانە بۆ دابمەزرێنێت تاوەکو کێشەی خزمەتگوزاریی شارەوانی نەمێنێت.

بۆ پێشخستنی کەرتی تەندروستیش بنکەیەکی تەندروستی تایب (B) لەژێر ئەنجامداندایە، چونکە بنکە تەندروستییەکەی ئێستا کەموکوڕی زۆرەو لەئاست پێشکەوتنی خزمەتگوزارییەکاندا نییە، ئومێدەوارین وەزارەتی تەندروستی پێش تەواوبوونی پرۆژەکە مشووری پزیشکی پسپۆڕو ئافرەتان و ئامێرەکانی سۆنەرو تیشکمان بۆ دابین بکات، بۆ گوندەکانیش کە ئێستا ٥ بنکەی تەندروستیمان هەیەو پێویستمان بە٢ بنکەی تەندروستیی دیکەیە، لێرەدا داواکارم لەوەزارەتی تەندروستی ئەو بنکە تەندروستییانەمان بۆ دروست بکات. لەرووی کەرتی پەروەردەشەوە بێ کەموکورتی نین، ٢ بینایەی قوتابخانەی بنەڕەتیمان هەیە کە زۆر کۆن بوون و بەکەڵکی نۆژەنکردنەوە نەماون و پێویستە سەر لەنوێ دروست بکرێنەوە. وەزیری پەروەردە دوای ئەوەی سەردانی کردین بەڵێنی دا لە پلانی ٢٠١٤ دا قوتابخانە بۆ بجیل دروست بکات، لەرووی میلاکیشەوە مامۆستامان پێویستە هەروەها باخچەیەکی ساوایانمان هەیە کە پاسێکمان بۆ دابین کردووە بەڵام لە بینایەی کرێدایەو داوامان کردووە باخچەیەکی ساوایانی هاوچەرخمان بۆ دروست بکەن. کێشەی نەبوونی بینایەی قوتابخانەمان لە ژمارەیەك لەگوندەکان هەیە کە ئێستا لە بینایەی کرێدان . لەرووی رۆشنبیریشەوە داواکارین وەزارەتی رۆشنبیری هاوکاری و پشتگیری ئەو سەنتەرە بکات کە لە٢٠٠٩ رەزامەندی پێدراوەو تا ئێستا هیچی بۆ نەکراوەو شوێنی شیاویشیان نییە.

لەرووی گەشتوگوزاریشەوە منیش لەگەڵ راوبۆچوونی هاووڵاتیاندام کە شوێنە گەشتیارییەکانی بجیل هەر لە (سیپەوە تا سەری سادا و بگرە شوێنەوارە ئاینیەکانیش لە گوندی کەلات و سوریان و پیرمیکائیل) بەپێی پێویست گرنگیان پێ نەدراوەو لەناو سەنتەری ناحیەکەش هۆتێل و موتێل و بازاڕی باشی نییە، بەڵام هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی شوێنە گەشتیارییەکانمان بەشێکی موڵکی حکومەتەو بەشەکەی تر موڵکی خەڵکە، ئەمەش کاریگەری لەسەر پێشخستنی ئەو شوێنە گەشتیارییانە هەیە، لەم رووەشەوە کار کراوە ئەوەتا ئەمساڵ شەقامێکی یەك کیلۆمەتری بۆ ناو سیپە دروست دەکرێت و لەبەرنامەشدایە چەند کابینەیەکی گەشتیاری دروست بکرێت. کاتی ئەوە هاتووە گەشتیاری لەبجیل بەبەرنامە بکرێت و باخچەو پارکی یاری منداڵان و وەرزشی دروست بکرێت.

سەبارەت بەکەمیی دەسەڵات و نەبوونی یەکەی ژمێریاریی بەڕێوەبەری ناحیەی بجیل وتی : ئێمە وەکو یەکەی ئیداریی تا دەسەڵاتەکانمان بۆ دانەبەزێنرێتە خوارەوە و یەکەی ژمێریاریمان بۆ دانەنرێت ناتوانین ئەرکی سەرشانمان بەشێوەیەکی خێراو باش و دوور لەرۆتین جێبەجێ بکەین، بۆنموونە کێشەی ئاوی گوندێك کە بەچەند مەتر بۆرییەك چارەسەر دەکرێت لەتواناماندا نییە چارەسەری بکەین، هەندێك جار بەهۆی دانەبەزاندنی دەسەڵاتی ئیداریی و داراییەوە خۆمان لەسەردانی گوندەکان دەشارینەوە.

**ڕێگای گوندەکانمان پێویستی بەهەڵمەتێکی قیرتاوکردن و چاککردنەوەی ڕێگاکانی هەیە**

**گەر بجیل و ١٧ گوند سوود لە پرۆژەی ستراتیژی ئاوی ئاکرێ وەرنەگرن کێشەی کەمئاوییان هەر دەمێنێت**

**لەرووی پەروەردەوە بجیل گرفتی بینایەی قوتابخانەو باخچەی ساوایانی هەیە**

**وەزارەتی رۆشنبیری بەرامبەر ناحیەکەمان کەمتەرخەمە**

**گوندی کەلات ٢٧٠٠ کەسی لێ دەژی کەچی بێ خزمەتگوزاریی شارەوانییە**